چیرۆک



ماجید نووری

# نێرگزی شێرۆ




لە نێـو هـەنگامـەی
بازاڕدا، بـەسـەر
شۆستەی گازینۆكەوە
توونـد تـوونـد پـیـاڵە
چایەكـەی لە نـاو لەپ
نـابوو، لەو كـچـە
فـەریكە شـلـك و
نەرمـۆڵانـەی دەڕوانی
كـە بـە لەنجـە و نازەرە
بـەرەو مـەكـتـەبێ
دەچوون، هـەندێكیـان
دزە نیگایەكـیـان
دەدایە، ئـەمـیش
سـەری بۆ قەڵاتێ بەرز
دەكـردەوە و بـە

لەزەتەوە چاوانی دەتروکان.. وێنەی ئەو کچە قشتانەی دەکردە کەشتی و لە بەندەری زەیندا لەنگەری پێ دەگرتن، پاش تاوێ گازینۆی جێهێشت و دیمەنی ناسکە کچانی بەدوای خۆیدا ڕاکێشایە ناو ماشێنەکەیەوە، سلفی لێدا، لەگەڵ وەگەڕکەوتنی ماشێندا ئالێری ئلکتریکی ڕادیۆ ملی بەرز کردەوە و لاییتە نەوییەکان بەکزی داگیرسان، قامکەکانی لە گێڕی ئۆتۆماتیکی ئالاند و بەنمرە دوو بۆی هەستا، بەسەر شەقامە ڕەشمارەکانەوە و لە هەموو لایەکیڕا ڤرەوهوڕی ماشێن و ماتۆڕسکیل و ژاوە ژاوی ئاپۆڕای خەڵکی دەهات، لە ترافیکێکدا نووکە پێی خستە سەر ئیستاپ و گێڕی خستە بۆش و هاندبرێکی هەڵبڕی، ئاوڕێکی لە ماشێنەکەی تەنیشتی خۆی دایەوە چاوانی کەوتە سەر شان و ملی ڕووتی فەرخۆڵە خانمێکی سپی، خاتوون چاوی بەسەر دەشپوولی ماشێنەکەیدا دەگێڕا و لووسکە قۆڵێکی بەسەر سوکانەوە بوو، چ دیمەنێکە! نەرمە گۆشتی لاملی ئەو شلکە شۆفێرە لەگەڵ چرکە و قرچەی دایسان و کوژانەوەی گڵۆپی چواریی ماشێنەکەدا دەبریسکایەوە، خاتوونۆک لەگەڵ پەنتەرناشدا تیلمەیەکی چاوی دایە و لەدوای خۆی سۆزێکی خزاندە کونجی دڵی ئەمەوە، ئەمیش ویستی بەدوای ماشێنەکەی ئەودا بڕوات، تراکتۆرێ کەوتە پێشی، ماشێنەکەی خاو کردەوە، دواتر گەیشتە بەر دەرگای ماڵی خۆی، نێرگزخانی خێزانی دەرگای گەراجی لۆ کردەوە، لێوانی تروکان و دەنگی لێ نەبیست، هێندە نەبێ لەو تراکسودە مۆرەدا ئولفەتی دەباراند، لەناندینەکدا نێرگز سەری ژەندبووە ناو کەوانتەرە ئەلەمنێومەکە و خۆی هەڵبڕی و چەقۆ ستیلەکەی بەدەستەوە بوو کە پێی وت:

– باش بوو ئەم ئێوارەیە زوو گەڕایتەوە، کوبەم کردووە..

ئاوڕێکی لە نێرگز دایەوە و پێی وت:

+ کوبە خڕەکان .. ئەگەر وەک گوپەکانی خۆت خڕبن باشە..

ئەویش بە فێڵبازی و مەکرەوە وتی:

– نا.. وەک لەپە دەستی تۆ پانن!!

دەستی بۆ لاملی نێرگز برد و بە برۆ هەڵتەکانێکەوە پێی وت:

+ ئەمشەو خاوەنی لەپەدەستی پان، لێوی دەنێتە نێو شیلەی هەموو خانەکانی لەشی نێرگزە جاڕ..

ئەویش گوتی:

– وامـزانی تـەنیـا گـەدەت برسـیـیـەتی..!.. چییـە بۆ بێ دەنگ بووی، دیارە ئەمـڕۆ زۆر تەماشای کچانت کردووە..؟!

درزێکی دەرگای ناندین کرایەوە و شارای کچیان وەژوور کەوت، چاوانی پڕی قسە بوون، ئەمیش دەستێکی بە سەری شارادا هێنا و پێی وت:

+ شارا خـان گیان، ئەمڕۆ مامـۆستا لێت ڕازی بوو، ئافـەرینت وەرگرت..؟! شـارا لێوێکی خـوار کـردەوە و وتی: هـەندێک.. زۆرنا، بـەڵام کـوڕێکی مـەیموون هـەمـوو ڕۆژێ پێم دەڵێ: تەمبەڵ، منیش پێی دەڵێم خۆت تەمبەڵی..

شـارا هێنده سـپی بوو دەتووت کـاریلەی خـۆر نەدیوە، وەک شـیـری کـوڵاو جـار بەجـار هەڵدەچوو، بەڵام دەنگێکی پڕ سـۆز و مـەکـر و نـازێکی ژیکەڵانەی پڕ بـەمـاڵەکـە هـەبوو، شـەوێکیان درەنگ، بە ئاسپایی وە ژووری میوان کـەوت، جـەستـەی لووسی دایکی و تووکە کورتەکانی سنگی باوکی چاو پێکەوت و بەتوڕەیی پاڵێکی بە کورسییەکەوە نا، پێی وتن:

ئەوە چییە، جلتان نەماوە لەبەری بکەن..؟

دایکە و بـاوکـە بەڕووتی وەک دوو پەپوولـەی تۆز لێ نیـشـتـوو کـەوتنە بـاڵەفـڕکـە و دواتر باوکی شارا بە تەتەڵەی زمانەوە بە کیژەکەی خۆی.

وت: + نیازی خۆشوشتنمان هەبوو..

شـارا بەڕاکردن ڕۆیشت و لە حـەوشـە سـۆندەیەکی درێژی بە کێش کرده لای پەنجـەرەی ژووری میوان و لەپشت پەردەکانەوە سەری سۆندەی بردە ژوورەوە و وتی:

ئێستا لفکە و سابوون و تەنیشت و بادی و خاولیشتان بۆ دەهێنم..

ئەوەتا ئەم ئێوارەیەش شێرۆ دوای ئەوەی لەبەر گازینۆکەدا دیمەنی کچانی غـەمبـار کرد و، سـیـحـری لـەشـولاریان لە کەللەی ئالاوە و مـشـتـی خـۆش کـرد و تا بـۆ شـەوێ ئەو حـەز و هـەوەسە بەسـەر جەسـتـەی نێرگزی خێزانیدا بپرژێنێ، گەرچی شارایان لێ بووەتە کابانی ماڵ و شـەوی هـەنگوینی لێکئالانی لێ کردوونەتە هـەڵگژان بەسـەر شاخی هـەڵدێردا..

بەڵام ئەم وەک بەران بۆی دەخزێتە ناو تاریکی شەو و (نێرگز) لە ناو بەتانییە توکییەکەدا دەگەوزێنێ.. بەر لە خـەوتن گـەرمـاوێکی خـۆشـیـان کـرد و شـارایان بردە سـەر پێخـەفـەکـەی خۆی و وەک ئاوی کانیلکەی بەر تریفە دەدرەوشـایەوە، پێڵووە قنجەکانی داخست و خـەوت..

نێرگز بە دەنگێکی باریک و لەسەرخۆ وتی:

– شێرۆ، دایپۆشە با سەرمای نەبێت..

شێرۆش تەماشای بسکە تەڕەکانی سەر کوڵمی نێرگزی دەکرد و شارای بە بەتانی داپۆشی و وتی:

+ لە ئێوارەوە چاوەڕێی ئەم کاتەم، وەختە سوێم بێتەوە.. دەوەرە پێشەوە.. لەبەرت مرم..
لە ساتەوەختی جلوبەرگ فڕێدانی بەریاندا بوون، شێرۆ بەخەیاڵی ژێکۆخانی کۆنە هاوبیری جارانی گرێی سوخمەی نێرگزی دەترازاند، ئەو ژێکۆیەی لە ڕێی قوتابخانەی ناوەندی بەمی وتبوو:

* دەبینم شێرۆ، هەندێ جار لە باوکت یاخی دەبی، ئەی دەتوانی لە ڕژێمی بەعسیش یاخی بیت..؟!

بەم قسانەی ژیکۆ، شێرۆ بڕیاری دا خۆی بخاتە بەر نووکی خەنجەر و پێوەندی بەڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شارەوە بکات، دووبەشی لە تاو شیرینی ژیکۆ کە ڕەگی لە دڵی ئەمدا داکوتی بوو، تا جارێکیان بە شێرۆی وت:

* شێرۆ؛ جوان گوێم لێ بگرە، هەرکاتێ تۆ لە من بپرسی کێ لە سەروومەوە بەرپرسە، دەتکوژم، هەر کاتێکیش ناوی ئەو کەسەم پێ بڵێی کە لای خۆتەوە ڕێکت خستووە بۆ خەبات، هەر دەتکوژم..

بە هۆی ئەم ترس و لەرز و ڕۆژ و شەوە ناهەموارانەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پیاوانی ئەمن و تەواریدا زەوی لەبەر یەکدەچوو، ژیکۆ و شێرۆ نەیانپەرژا پەنجەیەک لە پەنجەی یەک بخشێنن..

وا ئێستا شێرۆ بە وەی گیان.. وەی گیانەوە دەست و پەنجەکانی بەسەر شان و ملی نێرگزدا لە کەروێشکەدان و وەک بە دۆڵی مامزاندا شۆڕی بکاتەوە، ئاوها بەرە و ژێر باخەڵ و پشتی بۆی دادەبەزێتە خوارەوە..

پەنجەکانی لە پنچکە مووەکانی ژێر باخەڵی داڵقێ و بەتامەوە ماچێکی ژێر نەرمایی گوێی دەکات و بە چرپەوە بە نێرگز دەڵێت:

+ کوژێکۆ شینەکەی ناو گوارەکەت بمژم؟!

نێرگزیش لە نێو تاریکیدا بەکپی بە شێرۆی مێردی

وت:

– بیگەزە، تورە نابم... بمگەزە.. لێفەکەی بەسەرما بدە و لێم بئاڵێ..

ئێنجا شێرۆ پەنجەکانی وەک کورسی کورسی ڕۆژانی جەژن بە چواردەوری تیلمەی مەمکی نێرگزدا دەسووڕایەوە و زەینی ڕۆی بۆ لای ژینۆ لێو بەخونچەی کە لە کۆڕەوەکەدا ناسی بووی، لەو ساتانەی چرای ناخی هەمووان کوژابوونەوە، شەقامەکانی ناخی ئەم بۆنی عەشقی ئەو کیژەی تەنی بوو، مەمکی بێ سوتیانی ژینۆ لە ژێر بلووزێکی پڕ نەخشەوە چاوانی کوڕ و پیاوانی ناو ئوردوگای خلافاند بوو، لە بن بلووزەوە دوو پرتەقاڵ دەجووڵانەوە، لە پێناوی یەک جار گرتنی ئەو پرتەقاڵانەدا شێرۆ ئامادە بوو بە بەرچاوی هەمووانەوە خۆی بخاتە ژێر پێی ژینۆ تا لە ئوردوگا دەرچوون مەمکەکانی بە چاو بە خێو دەکردن، کاتێ ژینۆ و خانەوادەکەیان بەسەر پشتی پیکاپێکەوە ئوردوگایان جێ دەهێشت، ئەو خەونە ڕۆمانسیانەی بەو پرتەقاڵانەوە بوون هەڵوەرین و ئێستاش بە حەسرەتەوە شێرۆ زمانی خستە ژێر تیلمە مەمکی نێرگز و بەئاهێکەوە وتی:

* بۆ لای پرتەقاڵەکانی ژینۆ بمفڕێنە..!

هەناسەی گەرمی نێرگز بەلای ملی شێرۆدا دەکەوێ و:

– گازێکی لێ بگرە.. تۆڵەی شەوانی تەنیاییتی لێ بکەرەوە..

ئینجا شێرۆ وەک چۆن هەنگوین لە ژێرپیاڵەدا بلێسێتەوە کەوتە لێستنەوەی پرتەقاڵەکان ناوک و ژێر ڕانەکانی نێرگزی ماچباران کرد و بسکی شۆڕەوەبووی نێرگز بەسەر پشتی شێرۆدا دەخشا، چاوانی شێرۆ کەوتنە سەر دوو لێوی زێ، وەک چۆن چنگێ خۆڵ بگرێ ئاوها مووەکانی سەری زێی گرت و هەڵمی زاری خۆی بەسەردا کردن، ئەو هەڵمەی هاتەوە بیر کە لە لەشی ڕووتی وەک ڕێواسی شادۆخاندا هەڵدەستا، ئەو ساتانەی کە شێرۆ لە تاو شەڕی براکوژی خۆی لە ماڵی شادۆی دراوسێیان حەشاردا بوو، بەیانییەکیان لەم و شادۆ زیاتر کەس لە ماڵ نەمابوو، بەدەنگی شادۆ وەخەبەر هات کە لەناو گەرماوەکەدا بە ورتە ورتەوە گۆرانی (هەی یارانی هەی یارانی) دەوتەوە، شێرۆش خۆی پێ ڕانەگیرا و بەدزییەوە چاوی بە کونی ژێر دەسکی دەرگای گەرماوەوە خوێن لە ناو لەشیدا مەیی و ئارەقەی بە لاجانگیدا دەچۆڕانە خوارەوە کاتێ لەشی شادۆ خانی بەڕووتی لە ژێر دۆشی ئاودا بینی و زەنگۆڵ زەنگۆڵ هەنگوینی لێ دەچۆڕایە خوارەوە، مەمکانی وەک دوو کۆترە سپیکەی ناو سوورە چنار دەلەرینەوە، ئەمیش سەر کز و چاوچیز لە پشت دەرگاوە زمانی خۆی دەگەست و قەپاڵی لە مەچەکی خۆی گیر دەکرد، بەخەیاڵی ئەو لەشە قەشەنگ و

ڕەندە تەڕەی شـادۆوە، شـێرۆ هەردوو باڵی لە لینگی نێرگز ئاڵاند بوو، مەمکی سـپی و لۆکەیی لە دەم نابوو بەبێ سرتە چووکی وەک بەردی لە بنمیچی ژوورەکە کرد و وتی:

+ شادم بکە.. شادۆخان..

نێرگز لە ژێریدا بە بیستنی ئەو ناوە کە لە ئەوکی شـێرۆ هاتەدەر وەک شەختە بەستەڵەکی لێ هات و بەتوڕەیی وتی:

– ماسییەکەت لە نێو زێێم دەربهێنە، من شادۆخان نیم..

ئینجا پاڵێکی بە شێرۆوە نا، ماسی لە هەوادا مایەوە، نێرگز وەک شلکە گوڵێکی ناسک لە ژێر سێبەری شێرۆدا هاتە دەر و مایۆکەی بە پەلە لەپێ کردەوە و بەچاوی گڕکان ئاساوە لە جەستەی ئەمی دەڕوانی وتی:

– بڕۆ خۆت لە ژیکۆ و ژینۆ و شادۆخان غوسڵ بکە ئەوجا وەرەوە گیانی من..

شـێرۆ نووزەی لێ بڕا، لە چڵەپۆپەی چێژەوە کەوتە ناو خۆڵەمێشی یادەکانی و بەنووزەیەکەوە وتی:

گەردنم ئازاد بکە، من قەرزاری تۆم ، سوێندت بۆ دەخۆم تەنیایی جاران ئەم خەیاڵانەم پێ دەکاتەوە..

وەک ماری کە کاژ فڕێ ئەدا، لێفەکەی لە خۆی کردەوە و تەماشای شارای کچی کرد کە لە شیرینی خەودا بوو، شارای لێ بووە باڵندەیەکی عاشق و بە بەرچاویدا لە دوو باڵی دا و فڕی، شێرۆ ئارەزووی دەکرد بە ئاسمانێدا بفڕێ و بگەڕێتەوە لای نێرگزخانی خێزانی کە بەرووتی خۆی لە ژێر لێفەکەدا شاردبووە وە.. ئەمیش لە ژێر لێوانی بە خەندەوە ورتە ورتی دەهات «ژێکۆ و بەگژاچوونی داگیرکەر، ژینۆ و کۆڕەوەکە، شادۆخان ون براکوژی، نێرگز و جوانی بەهار، بژی بۆمان شارای خنجیلە... با بژی،...، بڕووخێ ژانی ئەو یادانە.. بژی نێرگز.. بژی بەهاری ئەمساڵ ... بژی شارا ....